کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-11-2007 21:50بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

سوید

**دوژمنەکان ڕاستگۆن، بەڵامکوردلێیان تێناگات!!! ... نەجمەدین شێخ بزێنی**

ئەگەر بەوردی سەیری ڕوداوو، کارەکانی ڕۆژگار بکەین ئەبینین، ئەو هۆکارانەی کە مرۆڤ توشی گەورە ترین زیانومالۆێرانی ئەکەن، بەهەڵە تێگەیشتن ونەزانینە. دیارە مەبەستی ئێمە لێرەدا، هەڵوێستی ڕابردوی سەدان ساڵەی گەلەکەمانە لەگۆڕانکاریە کانی کۆمەڵگادا، لەڕوی نەتەوایەتیەوە، کەهەردەم بەهەڵە لە بابەت و ڕوداوەکان گەیشتووە!! لەبەر ئەوەی من نامەوێت زۆر بەقوڵی بچمە ناوباسەکەوەو، خوێنەرانی بەڕێزیش لەخوێندنەوەی بێزار نەبن، زۆر بەکورتی ئاماژە بەهەندێ خاڵی سەرەکی ئەکەم بۆ بەڵگە، کەوا ئەزانم ئەوەندە خاڵی زەقو ئاشکران هەمو بەڕێزێک لەخۆم زیاتر ئاشنان پێی یو ئەیسەلمێنن. پێشا ئەمەوێت باس لە بە پیرەوە چونی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بکەم، وەک لەسەرەتادا پەیدابو. ئاشکرایە ئیستاش ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی قورئانی پیرۆز بکەین کەپەیڕەوو پرۆگرامی ڕاستەقینەو بنە ڕەتی ئاینی ئیسلامە، بەهیچ جۆری لێی پەشیمان نین و نابین. بەڕاستی ئاینێکی پیرۆزە. بەڵام ئایە هەرلەدوای کۆچی دووایی پەیغەمبەر (موحەمەد) درودی خوای لەسەربێت، هەر لەسەردەمی خەلیفەکاندا، خوایان لێڕازی بێت، گوی نەدان بە ناوەڕۆکی قورئانی پیرۆز هەستی پێکرا، بۆنمونە: شەهید کردنی حەزرەتی عوسمان و کێشەی معاویەو حەزرەتی ئیمامی عەلی و شەڕی حەزرەتی عائیشەو ئیمامی عەلی خوایان لێڕازی بێت، لەسەرچی بو؟؟!!دیارە وەڵامەکە بۆماموستابەڕێزە ئاینیەکانە، من ئەگەڕیمەوە بۆ مەبەستەکەی خۆم. پاش ئەوەی کە ئیمپراتۆریەتێکی ئیسلامی دروستبو خەلافەت بەدەستی عەرەبەوە بوو، ماوەی چەند سەدە، عەرەب چیکرد لەتەعریب کردن زیاتر کە تاکو ئێستاش کاریگەری لەسەردابونەریتی گەلانی غەیری عەرەب لەناوچەکەدا هەیە بەتایبەت لەسەرنەتەوەی کورد، چونکە لەهەمو نەتەوەیێک زیاترپابەندی بو. بەڵام ئەوە سەیرە ڕۆژێک لەڕۆژان نەیپرسی، بڵێ ئەرێ کاکی عەرەب ئێمە برانین؟ ئەی بۆ من بۆم نەبێت بەزمانەکەی خۆم لەدینەکە بگەم؟!! فاتیحاکەی نوێژ ئایەتی قورئانەوئەبێت بەعەرەبی بێت، ئەی خۆ ووتارەکانی ڕۆژانی هەینی هەرباسی شەڕو شۆڕو زەکات و سەرفترەو، ئازایەتی سەرلەشکرەکانی ئیسلامە، بۆ بەکوردی نەبێت. هەر لەبەر ئەوەی فێری عەرەبیم بکەیتو دووایی ناوم بەری بەعەرەب، هەروەها بۆ ئەبێت ناوی منداڵەکانم بەعەرەبی بێت، گوایە پیرۆزە!! لەکاتێکدا کەعەرەب ناوی وایان هەیە هەرشایانی گاڵتەجاڕیە، بگرە لەهیچ فەرهەنگێک (قاموس) ی عەرەبیدا نیە!کەچی بەداخەوە تاکوئەم سەردەمانەش لەڕێگەی هەندی ڕێکخراووپارتی بەناو ئیسلامیەوە زۆر هەوڵەدەن ئەوناوە جوان و پیرۆزە کوردیانە بگۆڕن و بیکەن بەناوی عەرەبی، بەتایبەت لە هەولێری پایتەختی کوردستانیشدا!! بەڵام کورد هەر لێی بێ دەنگە. ئەمە هەڵوێستی براعەرەبە موسوڵمانەکەمە. ئەمجار باسەیری هەڵوێستیی خەلافەتە ڕەنگینەکەی بەناوعوسمانی تورک بکەین کەماوەی پێنج سەدساڵ فەرمان ڕەوایی وولاتانی ئیسلامیان کرد. پاداشتی هەڵوێستی دڵسۆزانەی موسوڵمانی بونی کوردیان بەسەربڕین و ناردنەوەی کەلە سەرەکەی میر مەحەمەد ڕەواندوزی پادشای سۆرانیان دایەوە، کەلە لایەن خەلیفەی ئیسلامەوە بەنامەیێکی ڕەسمی، کەتیایدا بەڵێن درابو لەسەر پیرۆزی قورئان و شەرەفی خەلیفەی ئیسلام بچێتە ئەستەمبولو مل کەچکات بۆ خەلیفە، ببەخشرێتو داخوازیەکانی جێ بەجێ بکری. ئەوە پابەند بونیان بو بەبەڵێنو پیرۆزی قورئانەوە!! دیارە پاشماوەکانیشیان کەتاکو ئەمڕۆشی لەگەڵابێت لەخەراپەکاری زیاتریان نەکرد، تەنانەت زمان و کولتورو پێناسەی نەتەوایەتیشیان لەکورد قەدەغە کرد!! دیارە کە سەفەویەکانی فارسیش فەرمان ڕەوایەتی خەلافەتی ئیسلامیان بەدەستەوە گرت، لەعەرەبو تورکەکە چاکتریان نەکرد، پاشماوە کانیشیان وادیارە، جگە لە لەبار بردنی کۆمارو لەسێدارەدانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەرکردەکانی، کە پابەندی بەڵین و پەیمانیان بون و خۆیان بەدەستەوەدا، تاکو ئێستاش وادیارەکەبەناوە کۆماری ئیسلامیەو بەپێ ناوەڕۆکی ئاینی ئیسلام کار ئەکات زیاترلە (15) ملیون مرۆڤی کورد چارە نوسیان والەبەر چاوە!!.

جا ئەوەی کەمن مەبەستمە لەم ووتارەمدا ئەوەیە: ئەبێت تاکەی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لەهەڵویستو زمانی دوژمنان و نەیارانی کورد تێنەگەن و بەهەڵە بخوێننەوە! لەکاتێکدا ئەبینن، سەرکردەیێک، وەیا کەسایەتێکی رامیاری تەرازوی ڕوو لەلێژی ئەبێت و هانایان بۆ ئەبەن، بۆ ئەبێت بەبێ گرەنتی کردنێک، کەجێگەی بڕوابێت، ڕاستەو خۆ خۆیان ئەدەن بەدەستەوەو ئەچنە پاڵی. ئەگەر لەکاتی بێ دەسەڵاتی و لاوازیدا ئەو ئامادەنەبێت دڵنیات بکات بەگرەنتی، ئەی ئەگەرلەتەنگو چەڵەمەکەی کەدوچاری بوبو ڕزگاری ببێت چۆن ملت بۆ کەچ ئەکات؟!!

بەڕاستی مرۆڤ هەر لەم سەردەمەدا هەڵوێستی واسەرسوڕینەر ئەبینێت، بەجۆرێک نیگەران ئەبێت نازانێ چۆن شێیی کاتەوە!!بەتایبەتی کاتێک ئەوجۆرە هەڵوێستانە لەکەسایەتی و سیاسەتمەدارەکانی کورد ڕوئەدات! بۆ نمونە ئەگەر ئێمە بەوردی بڕوانینە هەڵویستو کاردانەوەی ئەوکۆمەڵە کادیرو کەسایەتیە بەڕێزانەی لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، دیاری کران و تەرخان کران بۆ کارکردن لەدامودەزگا بایەخدارو گرنگەکانی حکومەتی فیدرالی ئێراق وەک بەشدار بو لەدەسەڵات لەهەمو ڕوێێکەوە، چیان لێ بەدیکراوەلەماوەی چوارساڵی ڕابوردودالەبارەی چارەسەرکردنی ئەو کێشەوتەنگوچەڵەمەوتەنگەژانەی ڕویانداوەو بونەتە کۆسپ لەبەردەم جێبەجێ کردنی مافەڕەواکانی گەلەکەماندا؟! هەرلەبارەی شاری کەکوکو، جێ بەجێ کردنی ناوەڕۆکی مادەی 140و کێشەی پێشمەرگەو، غازونەوتو، بەجینۆسایدکردنی ئەنفال و، بەرەنگار بونەوەی ئەو نەیارانەی کە لەئاستی ئەواندان و لە پاڵیانەوە هەڕەشەو نکوڵی لەو مافانەش ئەکەن کەلەدەستوریشدا دیاری کراوە! تەنها چەند بەڕێزێکیان نەبێت کەلەپەنجەی تەنها دەستێک تێناپەڕێت، جاروبار دێنە وەڵام و ناڕەزایێک دەر ئەبڕن، نیگەرانی خۆیان پیشان ئەدەن! بەڵام بەپێچەوانەوە، لەبەرانبەر کێشە گشتیەکانی تایبەت بەئێراق و هەڵوێستی کەسایەتیە عەرەبەکان زۆر بەکارامەی و بەجۆشوخرۆشەوە هەڵوێست نیشان ئەدەن! بۆنمونە بەڕێزکاک هۆشیارزێباری وەزیری دەرەوەی ئێراق، جگە لەوەی کەئاوارەی کورد لەدەرەوەی وولات، لەهەندێ وولاتدا زۆر جارئاواتە خوازئەبن، بەسەردەمی ڕژێمە بۆگەنەکەی بەعس، چ هەڵوێستێکی نیشاندا کەجێگەی دڵخۆشکەری بێت بۆگەلی کورد کە وەزیرێکی پایەبەرزی کوردە، جیاوازی لەگەڵ وەزیرە عەرەبەکانی کەلەناخەوە نەیاری کوردن، چی بو!! هەرئەوەندە بەسە کە بەڕاشکاوانە بۆ ڕەزامەندی تورک بەنەتەوەو دەسەڵاتەوە، ناوی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ئەبات بەتیرۆریست، ئەگەر تاریق هاشمی، وەیا سالح موتلیگ بووایە لەوە زیاتری ئەوت؟! لەکاتێکدا بەڕیزی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتیە کەسەرۆکی کوردستان سەرۆکایەتی ئەکات وچەند جارێک بەئاشکرا ئەو بۆچونانەی ڕەت کردۆتەوە، هەرلەبەر ڕێز گرتن لەهەستی نەتەوایەتی گەلی کورد.

هەروەها لە لایێکی ترەوە، کە پاش ماوەکانی ڕژێمی بەعسی هەڵوەشاوەو دارودەستەکانی سەدام زۆربەئاشکراو بێشەرمانە داکۆکی لەتاوانبارانی ئەنفالی بەدناو ئەکەن بەنیشتمان پەروەریان لەقەڵەم ئەدەن، لەپاش گرتنەبەری هەمو ڕیبازێکی یاسایی ومرۆڤایەتی دادگای باڵای تاوان بڕیاری لەسێدارەدانی داون، بونەتەبەرگرو کۆسپ لەئەنجامدانی بڕیارەکە، کەچی لایەنی کوردی هەر وەکو ئەوە وایە ئاگاشی لێ نەبێت، بەتایبەت سەرۆک کۆماری بەڕێزمام جەلال بەئاشکرا لایەنگیریشیانە، لەکاتێکدا تاریق هاشمی بەناوە جێگریەتی، کەچی بەپلەی یەکەمیش هەر ئەو بەرگری لەناوەڕۆکی مادەی 140 یش ئەکات بەئاشکرا! جابۆیێ لەکۆتاییدا ئەلێم، کاتێک دوژمنان و نەیارانی گەلی کورد

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەئەڵێن ئێمە چارەسەری کێشەی سیاسی کورد ئەکەین، هەروەک بەڕێز عەبدوڵا گولیش بەر لەهەڵبژاردن ئەوبەڵێنەی دا، ئەوان مەبەستیان لەبنبڕ کردن و ڕیشە کێش کردنیەتی لەبنەڕەتدا، نەک چارەسەرکردن بەپێدانی مافی ڕەوای چارەی خۆنوسین، وەیابەیەکسانی پێکەوە ژیان، بەڵام بەداخەوە کەگەلی کوردوکوردستان و سەرکردە سیاسیە بەڕێزە کانیان، بەهەڵە لەدوژمنان و نەیارانی گەلی کوردستان تێ ئەگەنو مامەڵەیان لەگەڵدا ئەکەن، دوژمنان دیارەکەڕاست گۆن وبەڵام بەداخەوە گەلی کورد لێیان تێناگەن!!!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.